یادێك لەگەورە مامۆستایەك

ئەمجەد شاکەلی

دوای نێوەڕۆی بەهارێکی گەرمی بەغدا، کە وانەکەمان تەواوبوو و زەنگی پشوو لێیدا، هەموو بەپەلەبووین بۆ وەدەرکەوتن و تەنێ چاوەنۆڕی چوونە دەرەوەی مامۆستابووین. ئەو وەدەرکەوت و هەموو ئێمەش وەدەرکەوتین. منیش یەکێك بووم لەوان. ماوەیەکی زۆربوو پرسیارێك، کە تایبەت بوو بەمامۆستاو هەر ئەویش دەیتوانی وەڵامم بداتەوە، مێشکمی بارگران کردبوو وەدووی وەلامەکەیدا دەگەڕامو هەر رێکنەدەکەوت لێی بپرسم. ئەو دەمەم بەدەرفەتم زانیو خۆم لێ نزیك کردەوەو هەر لەبەر دەرگای پۆلەکەدا پرسیارەکەم لێکرد: مامۆستا لەیەکێك لەکتێبەکاندا "انهیار نظریە الراسمالیە المخگگە" (داڕووخانی تیۆری سەرمایەداری نەخشە بۆ دانراو)، واژەیەکی تێدایە بەنێوی ئەریستۆکراتیی کارگەری "الاستقراطیة العالمیة"، کە کارگەر کارگەرە، ئیدی چۆن دەبێتە ئەریستۆکرات، حەز دەکەم بۆم روون بکەیتەوە، کە مەبەستت چییە لەوەو ئەو ئەریستۆکراتییە چۆن پەیدادەبێت؟ مامۆستا قۆڵی چەپی لەقۆڵی راستم توند کردوو لەبەر دەرگای پۆلەکەی خۆمانەوە، کە لەنهۆمی سێیەم بوو، بەپلیکانەکاندا هاتینە نهۆمی دووەمو هاتینە نهۆمی یەکەمو هاتینە نێو حەوشەو باخچەکەو بەرەو بەر دەرگای حەوشە رۆیشتینو لەدەرگای حەوشە وەدەرکەوتینو لەجادە پەڕینەوەو لەدەرگای کۆلیژی قانون و سیاسەت وەژوور کەوتینو بە نێو باخچەو حەوشەکەدا رۆیشتینو تا گەیشتینە بەر دەرگای پۆلێك، کە مامۆستا لەوێ دەبوو وانەی هەبێت، ئەو هەر باسی ئەو بابەتەی بۆ دەکردم، کە لێم پرسیبوو و وەڵامی پرسیارەکەمی دایەوەو نموونەی بۆ دەهێنامەوە. کە زەنگی دەستپێکردنەوەی وانەی ئێمە لێیدا، ئەوجا پێی گوتم: "ئێستا هەردووکمان وانەمان هەیەو دەبێ بڕۆین، هێوادارم تێگەیشتبیت، ئەگەرنا ئەوە جارێکی دیکە ئەو باسە دەکەینەوەو باشتر بۆت روون دەکەمەوە". سوپاسم کردو بە هەرا ئەو هەموو رێگەیەم بڕیو خۆم گەیاندەوە پۆلو وانەکەم. کە لەجێگای خۆم دانیشتمو گوێم بۆ مامۆستاکەی دیکەم رادەدێرا، بیرم لەمامۆستا دەکردەوەو قسەکانی ویم لەگوێدا دەزرنگانەوە. ئەو ئەوەی فێرکردم، کە سەرانو سەرکردە کرێکارییەکان، کاتێك بە پلیکانەی سەندیکادا هەوراز هەڵدەکێشنو دەبنە خودانی ملیوانی سپیو لەپشت مێزەوە دادەنیشنو پارەیان دەکەوێتە بندەستو لەدەسەڵاتەوە نزیك دەبن، ئیدی توێژی چینەکەی خۆیان فرێدەدەنو دەخزێنە نێو چینێکی دیکەوەو دەبنە دەوڵەمەندانو دەست رۆیشتووانی ئەو چینەو ئەو دەم ئیدی لەکارگەری دەردەچنو دەبنە ئەریستۆکراتی کارگەری. رۆژێکی یەکێك لەخوێندکارەکان لەبارەی پرسێکی ئابوورییەوە پرسیارێکی لەمامۆستا کردو گوتی: کە دکتۆر عەبدو رەسول سەلمان (عبدالرسول سلمان) وا دەڵێتو دەمەوێ بۆچوونی تۆ لەو بارەیەوە بزانم! عەبدو رەسول سەلمان، مامۆستای بابەتی ئابووری نێودەوڵەتی (الاقتصادالدولی) بوو و دکتۆرای لەو رشتەیەدا لەئەڵمانیای رۆژهەڵات وەرگرت بوو. مامۆستاش دکتۆرای نەبوو. پرسە ئابوورییەکەش ئەوەبوو، کە عبدو رەسول سەلمان گوتبووی: کە عێراق دارخورمای زۆرەو خورمایەکەی زۆر وەبەرهەم دەهێنێت. ئەگەر لەگەڵ چیندا پەیوەندی باش بێتو بازرگانیو گۆڕینەوەی ئابووریو کاڵاهەبێتو عێراق خورما بۆ چین بنێرێتو دانیشتووانی چینیش، کە یەك ملیارد مرۆڤن ئەگەر هەریەکەو یەك دانە خورمایان بەربکەوێت، ئەوادەکاتە ئەوەی، کە عێراق یەك ملیارد خۆرما دەفرۆشێتە چینو بەوەش قازانجێکی باش دەکاتو پارەیەکی باش بۆ عێراق دێتەوە. مامۆستا گوتی: "عبدالرسول سلمان مایعرف الفباو الاقتصاد.." واتا "عەبدو رەسول سەلمان ئەلفبێی ئابووری نازانێتو.." و ئەوجا وەڵامی پرسیاری خوێندکارەکەی بە بۆچوونی خۆی دایەوە.

جارێکی وەژوور کەوتو ژوورەکە پڕبوو لەتەپوتۆز. تەختە رەشەکە پیس کرابوو و زۆرشتی لەسەر نووسرابوو و هەوڵی سڕینەوەو پاکردەنەوەی درابوو و تۆزو گەچی تەباشیرەکان ژوورەکەی قانگ دابوو. تەختەکانی، کە لەسەری دادەنیشتین هەریەکەو رویان لەجێگایەك کردبوو و بۆنی دوکەڵی جگەرە مرۆڤی کاسو هێڕ دەکرد. دەنگەدەنگو هەرای خوێندکارەکان لەدەرێی پۆلەکەشەوە دەهاتە گوێ. لەوەها کاتێکدا وەژوور کەوتو بەسەر ئەو هەموو شتانەدا هات. هەموو لەشوێنی خۆمان راوەستاین وشك بووینو کەس فززەی لێوەنەهات. دەیویست بزانێت چی رووداوەو بۆ وابووە. لەیەك دووانێکی پرسیوئەوانیش گوتیان: کە هەروا گاڵتەو شۆخی کراوەو هیچی نائاسایی رووی نەداوە. پێی گوتن: کە تەختەی دانیشتنەکانمان وەك خۆیان لێکەینەوەو تەختە رەشەکە پاکژ کەینەوەو پەنجەرەکان بکەینەوە تا هەوای نێو ژوورەکە بگۆڕێتو ئەو تەپوتۆزە دەرچێتە دەرێو بۆخۆیشمان لەبەر دەرگای ژوورەکە لەدەرەوە بۆ ماوەی دە پازدە خولەکێك راوەستاین تا هەموو بارەکە ئارام دەبێتەوەو ئەوجا بێینەوە ژوورێ. بۆ خۆیشی لەگەڵماندا لەدەرێی پۆلەکە راوەستا. پاش دە پازدە خولەکەکە پێی گوتین: کە وەژوورکەوین. کە هەموو دانیشتنو بێدەنگی باڵی بەسەر هەموومان دا کێشابوو، چاوی بەنێو هەموواندا گێڕاو سەیری یەك بە یەکمانی کردوو گوتی: "هم جنا شباب مپلکم و..." واتا "ئێمەش وەکو ئێوە گەنج بووین و..." .

جارێکی کتێبێکی خۆی، کە وەك کتێبی خوێندن پێی دەگوتینەوە، لەتەواو بوون دابوو و گەیشتبووینە دوالاپەڕەکانی، پرسیاری ئەوەمان لێکرد، کە ئایا کتێبی دوای ئەوەمان چی دەبێت؟ گوتی: "کتێبچەیەکی بچووکە، پاش چەند رۆژێکی دیکە، کە لەچاپخانە دەرچوو، دەتاندەمێ". پاش چەند رۆژەکە، کتێب هاتوو کە بەسەرماندا دابەشکرا، کتێبێکی ئەستووری ٤٠٠ لاپەڕەو پتر دەبوو. پێمان گوت: مامۆستا تۆ گوتت، کە کتێبچەیەکی گچکەیە، ئەویش پێکەنیو گوتی: "ئەی ئەوەنییە وایە!".

ئیبراهیم کوببە

مامۆستا، مامۆستا ئیبراهیم کوببە (ابراهیم کبە) بوو منیش ئەو دەمی لەپۆلی سێیەمی کۆلیژی ئابووری بووم لەزانستگەی بەغدایێ. مامۆستا وانەی رێبازە ئابوورییەکان "المزاهب الاقتصادیە"ی پێ دەگوتینەوە. مامۆستا کوببە، یەکێك بوو لەو مامۆستایانەی، کە لەماوەی خوێدنی ساڵانی زانستگەمدا، لەهەموو مامۆستاکانی دیکەم زیاتر خۆش دەویستو پێمواببو ئەگەر لەهەموو ئەوانەی لەوساڵانەدا وانەیان پێ دەگوتمەوە زیرەکترو تواناتر نەببێت، ئەوە لەهەرە زیرەکترو تواناترینیان بوو. مامۆستا کوببە لەساڵی ١٩١٩ لەشاری نەجەف لەدایك بووە. لەژینگەیەکی نیشتیمانپەروەرانەدا بە هەستی وڵاتپارێزی پەروەردە بووبوو و پێگەیشتبوو. بڕوای بە کاریگەری گرنگیی رۆڵی جەماوەر وەك چێکاری مێژوو هەبوو و هەر لەسەرەتای ژیانیەوە بڕوای بە سۆسیالیزمو مارکسیزمو کۆمۆنیزم هەبوو. کە لەنێوان پێتەختەکانی ئەورووپاو وڵاتانی عەرەبدا و بەتایبەت، پاریسو لەندەنو مەدریدو قاهیرەدا هاتووچۆی دەکرد. پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ئەو هزرەدا پەیدا کردو لەگەڵیدا ژیا و تێکەڵاوی بوو. کوببە دژی رژێمی پاشایەتیی عێراق بوو و دوای ساڵانێکی زۆر لە دەرێی وڵات، لە١٩٥٢ دا گەڕایەوە بۆبەغدا. دەسەڵاتدارانی ئەودەمەی عێراق زۆر دژایەتیی کوببەیان دەکرد و لەماڵ و جێگەی کاردا ڕاوەدوو دەنرا. ئەودەمەی کوببە لەدانان و گەڵاڵەکردنی پەیمانی بەرەی یەکیەتیی نیشتیمانیی (جبهە الاتحاد الوگنی) ساڵی ١٩٥٧دا بەشدار بوو و پێوەندی ڕاستەوخۆیشی بە بزاڤی دیموکراتیی عێراقییەوە هەبوو. دوای کودێتای ١٤ی تەمووزی لە یەکەم حکومەتی ١٩٥٨نیشتیمانیی عێراقدا کوببە وەزارەتی بازرگانیی پێ سپێردراو بریکاریی وەزارەتی نەوت و بیرازی کشتوکاڵییشی پێ سپێردرا و لەنەهێشتنی دابران و چێکردنی پێوەند لەگەڵ وڵاتانی سۆڤێیێت و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و چیندا، ڕۆڵی سەرەکی بینی و تەنانەت جەماوەر بەدرووشمی ئیبراهیم کوببە بۆ پێشەوە، دیموکراتیو ئاشتییە (ابراهیم کبە للامام... دیموقراگیە وسلام)ەوە پێشوازییان لێ دەکرد. کوببە لەهەندێك لەسیاسەتەکانی عبدولکەریم قاسم ناڕازی بوو، هەربۆیە چەندین جار داوای دەست لەکارکێشانەوەی کرد و قاسمیش پێی قایل نەبوو. تا ناوەندی ١٩٦٠، ئیدی کوببە بەگەرمەوە بەشداری بزاڤی ئاشتیخوازانو کاری ئەکادیمیو وانەگوتنەوە و توێژینەوەی لەزانستگەی بەغدادا کردو ئەو کاتەش لەرێکخستنەکانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقدا کاری دەکردو زۆر توند، گرێدراوی بیروباوەڕ و پاراستنی حیزبو دیموکراسیو دژایەتی نەیارانی گەلو بەعسییان بوو و کەسایەتییەکی بڕیاردەرو توانای هەبوو. ساڵی ١٩٦٣و دوای کوودێتای بەعسو ڕووخانی رژێمی قاسم، کوببە خرایە زیندانەوە و ساڵی ١٩٦٦ بەفەرمانی سەرۆککۆمار ئازاد کرا. لەو کاتەوە دەستی بەکاری مامۆستایەتیی لەزانستگەدا کردەوەو تا ساڵی ١٩٧٧ بەردەوام بووەو ئیدی حکومەتی بەعس لەکار وەدەری نا. پاش ساڵانێکی زۆری مامۆستاییو خەرمانێك ئەزمونو پێگەیاندنی هەزاران خوێندکارو نووسینی دەیان کتێبو پەخشکردنەوەی سەدان گوتارو سەدان سمینارو سەدان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئابووریو سیاسیو بەشداربوون لەنەخشەی ئابووریو کۆڵێك چالاکی دیکەدا، رۆژێکیان کە دێتە ژووری وانە گوتنەوەوە دەبینێت لەسەر دیواری ژوورەکە دروشمی "ئەوی کار نەکات شەرەفی نییە: من لایعمل لاشرف لە"، کە دروشمێکی بەعسیەکان بوو، هەڵواسراوەو ئەویش کە دەبینێت، دەسبەجێ پێی پەست دەبێتو دەڵێت: "ئەمە قسەیەکی قۆڕو درۆیەو بۆ خەڵکی بێدەسەڵاتو نەدار بەکار دەبرێت، کە مرۆڤ کاری دەست نەکەوێتو بێکاربێت چ بکات، ئەوەتە هەزاران خەڵکی خاوەن دەسەڵات هیچ کارێك ناکەنو خۆشیان بە شەریف دادەنێن". ئیدی ئەو قسەیەی دەگاتەوە دەسەڵاتو دەڵێن پاش ئەوەو لەسەر ئەو قسەیەی لەکار دەریدەکەن. کوببە بەدرێژایی ژیانی دژی رژێمی بەعسو بیرو باوەڕی شۆڤێنیزم بوو و هەمیشە لەبەرەی گەل دابوو و هەردەم بڕوای بە مارکسیزمو سۆسیالیزم بوو. کوببە، رۆژی سێشەممە ٢٠٠٤/١٠/٢٦، کۆچی دوایی کردو لەپاش خۆی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی گران بەهاو پڕبایەخی لەبواری زانستی ئابووری سیاسیو بیر تیۆری ئابووریدا بەجێ هێشتووە.

یادی مامۆستا ئیبراهیم کوببە، هەمیشە بەخێرو گیانی شادو ئارام بێت.

بەرزبوونەوەی نرخ، چ کاردانەوەیەکی لەسەر ژیان و بژێوی خەڵك هەیە ؟!

شانا

زانا موحەمەد

لەپێش هەڵبژاردن لایەنی حکومیو حزبی هەریەکە پروپاگەندەی بەهێزی بۆخۆی دەکرد کە گوایە وڵات دەکەنە ماستی مەیوو، هەرزانیدەخەنە وڵاتەوە، بەڵام دوای هەڵبژاردن راستەوخۆ نرخی سووتەمەنیو شتومەك بەرزبوونەوە، بازاڕ هەڵئاوسانێکی نائاسایی بەخۆوە بینی. ئەمەش بۆتە هۆی نارەزایی وڵاتیان،چونکەبازاڕ گرانیەکی چاوەڕواننەکراوی بەخۆیانەوە بینی. هەروەها لەم هەڵئاوسانی ئابوریەدا بە رێژەیەکی بەرچاو چینی هەژاو موچە خۆران زەرەرمەند بوون، بێ ئەوەی حکومەت هیچ هەڵوێستێکی هەبێت بەرانبەر بەو چینانە، بەتایبەتی موچە خۆران کە موچەکەیان بەشی نیوەی مانگەکەیان ناکات. هەڵئاوسانی ئابووری تەنیا لەلایەکەوە کار ناکاتە سەر ژیانی وڵاتیان بەڵکو لەگشت لایەنەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو تەندروستیو رۆشنبیری، کە ئەمانە هەموویان وڵاتیان زەرەرمەند دەکەن. ئێستا لەبازاڕەکاندا نرخی شتومەك یەکاویەك زیادی کردووەو بەرزبۆتەوە، کە بەمەش چینی هەژار توانای کڕینیان نییە. لەکاتێکدا کە سەرماو سۆڵەی زستانەو بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنیو گرفتەکانی بێکاری زۆرینەی خەڵك لەوەرزی زستاندا بۆتە کێشەی هاوڵاتیانو نیگەرانیان، لەم کاتەدا تەنیا سەرمایەدارو دەوڵەمەند وەك پاڵەوانی ناو گۆڕەپان دەردەکەونو یاری بەبازاڕو نرخی شتومەك دەکەن. لێرەدا نە حکومەتی هەرێمو نە حکومەتی بەغداد هیچ هەڵوێستێکیان بەرانبەر بەو هەڵئاوسانە ئابوریە نییە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی، لەکاتێکدا کە وڵاتەکەمان یەکێکە لەوڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی سووتەمەنیو پەترۆل، خەڵکەکەی وەك ئەو پەندە کوردیەی بەسەرهاتووە کە دەڵێت (مالم پڕ لەرازیانە با بە دڵ یەشە بمرم) چونکە وڵاتەکەمان تەنها لەنەوتدا دەوڵەمەندە نە سوودو نە بەرهەمی بۆ گەل نییە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل لەبازاڕەکاندا.

بۆ مەبەستی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك پرسیارمان ئاراستەی چەند فرۆشیارێك کرد.

هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك چییە، کێ لەم هۆکاری بەرزبوونەوەیە بەرپرسە ، ڕات چییە لەسەر بەرزبوونەوەی نرخ، ئایا کارتێکەری هەیە بۆ سەر کارەکەی تۆ؟

حەسەن ئەحمەد رەشید، پیشە بەقاڵ: هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك ئەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری گواستنەوە، کرێی زۆری هاتوچۆی ئۆتۆمۆبیلەکان، لەبەر ئەوەی بەنزین گرانە خاوەن ئۆتۆمۆبیلەکانیش ناچارن بە گران بۆ ئێمەی بهێنن. ئەو میوانەی لەناوچەکانی خوار هەرێمەوە بێت یان لەئێرانو وڵاتانی دراوسێمانەوە بۆمان بهێنن، کرێی ئۆتۆمۆبیلی زۆریان ئەچێتە سەر پاشان لەعەلوە عمولەی ئەچێتە سەر پاشان کرێکار دابینەگرێتو دوکانداری عەلوە کرێیلێەڵدەگرن هەتا ئەگاتە دەستی ئێمە کرێیەکی زۆری ئەچێتە سەر. ئێمەش بۆ فرۆشتنەوەی بە وڵاتیان قازانجی خۆمانی لێ هەڵدەگرین ناچار بە گران بیفرۆشینەوە. هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخ بە ڕادەی یەکەم حکومەتی مەرکەزی بەرپرسە، چونکە ئەوان نرخی سووتەمەنیان گران کردووە پاشان حکومەتی خۆمانیش بەرپرسە لێی، کە نەیەڵن دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکان باڵبکێشن بەسەر هەژاراندا گرانی بخەنە شارەکانەوە. من زۆرم پێ ناخۆشە کە شتومەك گران بووەو نرخ بەرزبۆتەوە، چونکە تەنها چینی هەژاران و موچە خۆران زەرەرمەند دەبن، ئەگەر هەر وا بەردەوامبێت وڵاتەکەمان بەرەو هەژاری دەڕوات. بەرزبوونەوەی نرخ کارتێکەری زۆرە بۆ پیشەکەی ئێمە چونکە تا هەرزان بێ خەڵك زیاتر لێمان ئەکڕن و زیاتر قازانج دەکەین، بەڵام ئێستا قازانج کەمەو کەمتر دەفرۆشرێت بگرە زۆرجار میوەکانمان دەمێنێتەوە.

ئەردەلان بەهادین سعید،کەمالیات فرۆش: زیاتر بەهۆی کرێی ئۆتۆمبیلو باجو کرێی حەماڵیو کرێی مەخزەنو کرێی دوکانە، ئەوانە نرخیان بەرزە زۆر ئەکەوێ لەسەر ئێمە. ئێمەش ناچار شتەکانمان بەگران بفرۆشین. بەدڵنیاییەوە حکومەت بەرپرسە لەبەرزبوونەوەی نرخ، چونکە ئەم بەرزبوونەوەیە تەنها لەیەك لاوەنییە لەبواریکدانیە، ئەبێ چارەسەرێکی بۆدابنرێ. نەك من بەڵکو هەموو کەس نارەزایی هەیە لەسەر ئەم گرانیەو بەرزبوونەوەی نرخ چونکە هەموو زەرەرمەند ئەبین، چونکە کارئەکاتە سەر لایەنەکانی ژیانمان ناتوانین هەموو پێداویستیەکان یاخود پێداویستیەکانیش دابین بکەین. پێم وایە وەك کاتی گەمارۆی ئابوری بۆ سەر عێراق لێهاتووە وڵاتەکەمان. ئەم بەرزبوونەوەیە کاری کردۆتە سەر کاسبیەکانمان لەبەر ئەوەی وەك پێشتر خەڵك شت ناکڕێ و بازاڕ گەرم نییە، بژێوی ئێمەش لەسەر شت فۆرشتن ئەم کارەش کار ئەکاتە سەر لایەنەکانی تری ژیانمان.

عەلی کەمال محەمەد، پۆشاك فرۆش : هۆی بەرزی نرخی شتومەك ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە لەدەرەوەی عێراق دەیکڕین، پاشان کە دێینەوە عێراق لەسنوورەکانەوە وڵاتانی دراوسێ یاخود بەندەری (بەسرە) وە تا ئەگاتە لای ئێمە کرێی گواستنەوەی زۆر تێدەچێ، چونکە بەنزین گرانە پاشان باجو هەروەها کرێی دوکانو کرێی مەخزەنو کرێی کرێکار، ئەمانە هەمووی ئەچێتە سەر کرێ کەلوپەلەکان. چونکە کرێی ئەو شتانەی تریش زیادی کردووە ناچار ئێمەش بەگران بیانفرۆشین. حکومەت بەپلەی یەکەم لەبەرزبوونەوەی نرخ بەرپرسە، چونکە نرخی سووتەمەنیان گران کردووە، ئەمەش کارئەکاتە سەر بەرزبوونەوەی نرخی شتومەکی تر. هەروەها ئەم بەرزبوونەوەیەی نرخە زەرەرێکی زۆری لەمیللەتەکەمان داوە، چونکە زۆربەی خەڵکی ناتوانن پێداویستیەکانیان تەواوبکەن بەتایبەتی چینی هەژارو موچەخۆران بەتایبەتی ئەوانەی کرێچین یاخود خێزانداریکی زۆرن. بە دڵنیاییەوە ئێمە وەك فرۆشیار زۆر زەرەرمەندبووین، چونکە زۆربەی شتەکانمان دەمێنێتەوە و نافرۆشرێت لەبەرگرانی نرخەکانیان خەڵك نایکڕن لەگەڵ ئەوەشدا دەست مایەکەمان دەوەستێت.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش رووی پرسیارمان لە چەند هاووڵاتییەك کرد. ئەوانیش بەم شێوەیە وەڵامیان داینەوە ؟.

چێنەر سدیق عومەر: کڕیار ئەم بەرزبوونەوەی نرخی شتومەكو کاڵایە زەرەرێکی زۆری بە داهاتو ئابووری وڵات گەیاندووە، خەڵکی کوردستان بەرەو نەداریو دواکەوتن دەڕوات. کارلێکەری زۆرە وەك لایەنی ئابووریو پێشکەوتنو گواستنەوەو تەندروستی، هەروەها موچەخۆرانو هەژاران داهاتەکەیان بەشی ئەوە ناکات کە بژێوی خۆیان دابین بکەن کە واتە گرانی دەکەوێتەوە وڵاتەوە.

کەژاڵ سلێمان کەریم: کڕیار ئەم بەرزبوونەوەیە بۆتە مایەی نیگەرانی خەڵك، هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی. پێویستە حکومەت ڕیوشوێنی تایبەت دابنێت بۆ ئەم بارە، کارتێکەری زۆرە ناتوانین پێداویستیەکانمان تەواوبکەین بە تایبەتی کە داهاتەکەمان جێگیرە جگە لەوەی کە زۆرینەی خەڵك خێزاندارن. کارتێکەری زۆرە ئەبێتەهۆی دواکەوتنی وڵاتو گرانیو گەندەڵی.

زانا کەمال شریف: کڕیار بەرزبوونەوەی نرخ مەترسیەکی گەورەیە بۆ هەڵئاوسانی ئابووری وڵات، پێویستە حکومەت چارەیەکی پەلەو گونجاو دابنێ. کاردانەوەیەکی زۆری هەبوو بۆ هاووڵاتیان بە تایبەتی هەژاران و کوچەخۆران.

هەر بۆ مەبەستی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك گفتوگۆمان لەگەڵ بەرێز (زانا موحەمەد ساڵح) قایمقامی قەزای مەرکەزی سلێمانی کرد. کە پرسیمان :

١- هۆی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك چییە ؟

٢- ئەم بەرزبوونەوەی نرخە کارتێکەری چۆنە لەسەر وڵاتیان بەتایبەتی موچەخۆران؟

٣- ئایا ڕیوشوێنی تایبەت هەیە بگیرێتەبەر بۆ نەهێشتنی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك؟

ئەویش لەوەڵامدا گوتی: بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك لەوانە:

١ـ خستنەڕوو، داواکاری ، بەواتایەکی تر تا شتومەك و کاڵا خواستی لەسەر زۆربێت نرخی بەرز دەبێتەوەو بە پێچەوانەشەوە.

٢ ـ هەڵئاوسان لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە گۆڕانێك لەموچەدا ڕوویدا، بەتایبەتی لەناوەند کە پێشتر خەڵك ئارەزووی زۆربوو، بەڵام توانای کڕینی کەم بوو، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی موچە ئارەزوو زیادی کرد. هەڵپەی بۆ کاڵاو شتومەك کرد. ئەمەش هەڵئاوسانی دروست کرد. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی ئەو کەلوپەلو کاڵانەی کە رۆژانە بەکاردەهێنن لەدەرەوە دێتو بەرهەمی ناوەخۆشی کەم بێت.

ڕامان لەسەر بەرزبوونەوەی نرخ، بێگومان سلبیاتی هەیە بۆ پاشەڕۆژ چونکە ئابووری نیشتیمان زەرەرمەند دەبێت. بەرزبوونەوەی نرخ کارتێکەری هەیە لەسەر وڵاتیان بەتایبەتی چینی موچەخۆران، چونکە داهاتیان جێگیرە. بەڵام چینەکانی تر دیارە خۆیان لەپرۆسەی بازاڕدانو بەهەمان شێوە کە کاڵاو کەلوپەل بەگران بکڕن بەهەمان شێوە نرخی پیشەکانیان بەرزدەکەنەوە. بۆ مەبەستی ڕێوشوێن حکومەتی هەرێم هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی داوە، درێغی نەکردووە، راوێژمان بەچەند کەسانێکی پسپۆر کردووە لەبواری ئابووریدا ڕاو بۆچۆنو پێشنیارەکانیان وەرگرتوون. هەر لەم ماوەیەدا لەسەر بڕیاری بەرێز پارێزگاری سلێمانی لێژنەیەك دروست بووە. بەناوی (لێژنەی هاوبەشی ئابووریو ژینگەپارێزی پارێزگاری سلێمانی)، بەمەبەستی رێکخستنی ناو شاری سلێمانی لەڕووی نرخو پاراستنی تەندروستی گشتی هاووڵاتیان. وە بەردەوام ئەنجومەنی پارێزگا لەگفتوگۆدان بەمەبەستی چارەسەرکردنی بەرزبوونەوەی نرخ.